# یەکەم ڕۆژی فیستیڤاڵی شاعیر کورد (سابری)و پیشانگایەکی کتێب لە کەرکوک دەستی پێکرد

**کەرکوک- لە رابەر رەشیدەوە:**



هەردوو لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی نووسەرانی کورد، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، فیستیڤاڵی شاعیر کوردی کەرکوکی (سابری)یان لە هۆڵی نەورۆزی شاری کەرکوک لە کاتژمێر (10) سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە 2009/11/8 و بە ئامادەبوونی ئەدیب و نووسەرو ڕۆشنبیرانی کەرکوک و دەوروبەریو شارەکانی دیکە دەستپێکرد.

سەرەتای فیستیڤاڵەکە چەند ساتێك بە بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانو وتەی بەخێرهێنان خوێندرانەوە، پاشان چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز خوێندرایەوە، ئینجا عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا دەستخۆشی لە هەردوو لق کردو خۆزگەی کاری بەردەوام و زیاتری خواست.

دکتۆر هادی مەحمود وەزیری نوێی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارێکی پێشکەشکردو تیایدا خۆشحاڵی خۆی وەکو کەرکوکییەك بەوە دەربڕی کە یەکەم وتاری فەرمی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا لە شاری کەرکوك پێشکەشی ئەدیب و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان دەکات. بەڵێنی ئەوەشی دا کە بەهەموو شێوەیەك هاوکاریی رەوشی ڕۆشنبیریی کەرکوك بێت.

وەزیری پێشووی وەزارەتی ڕۆشنبیریش فەلەکەدین کاکەیی وتارێکی بە پێزی پێشکەش کردو تیایدا دەستخۆشی لە هەر دوو لق کردو جارێکی دیکەش ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردنی ڕۆشنبیرانی شارەکەو فیستیڤاڵی لەوجۆرە دوپاتکردەوە.

فلیمێکی دیکۆمێنتاریش سەبارەت بە ژیانی سابریو تەکیەو گۆڕستانو چەند لایەنێکی دیکەی ژیانی سابری شاعیری تێدا پیشاندرا. قوتابییانی قوتابخانەی سابریش بە دەفو سروودی ئایینی زیاتر جۆش و خرۆشیاندایە فیستیڤاڵەکە.

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش (فەرهاد عەونی) وەکو پیشەی هەمیشەیی لە فیستیڤاڵەکەدا ئامادەیی هەبووو وتارێکی پێشکەش کرد. هەرچەندە دەبوایە (ئەلفرێد سەمعان) نوێنەری یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق وتاری هەبوایە، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکەوە نەیتوانی لە فیستیڤاڵەکەدا ئامادەبێ. دوای ئەو وتاری لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد حەمە کەریم عارف وتارێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد. وتاری لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لەلایەن لەتیف فاتیح فەرەج سکرتێری لق پێشکەش کرا. وتاری بنەماڵەش لەلایەن دکتۆر

لەتیف بەرزنجی لە جیاتی کوڕی مامۆستا سابریی شاعیر بەزمانی عەرەبی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە ناردرابوو، خوێندرایەوە.
شایانی باسە دەسپێکی فیستیڤاڵەکە لەلایەن هەردوو ڕۆژنامەنووس (ئەحمەد ڕەفیق و فرمێسك خدر ڕەشید) بەڕێوەچوو.

دوای پشوویەکی کورت، ئینجا دانیشتنی یەکەمی فیستیڤاڵەکە کە دانیشتنی شوکر مستەفا بوو دەستی پێکردو یەکەم تۆژینەوە لەلایەن دکتۆر ئازاد عەبدولواحیدەوە بەناوی (سۆفیزم لەنێوان ئیستاتیکاو پیرۆزیدا) پێشکەش کراو کۆڕەکەش لەلایەن فاروق نەسرەدین ئەندامی لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرپەرشتی کرا.

توێژینەوەی دووەم لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیمەوە بەناونیشانی (دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی سابری) پێشکەش کراو کۆڕەکەش لەلایەن فەیسەڵ هەمەوەندییەوە سەرپەرشتی کرا.

دانیشتنی دووەمیش کە بە دانیشتنی (عەباس عەسکەر) پێناسە کرابوو بە پێشکەشکردنی توێژنەوەی دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد شوان) بەناونیشانی (سۆفیگەری لە شیعرەکانی سابریدا) کە لە کاتژمێر (3)ی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکردو لەلایەن (دانا عەسکەر)ەوە سەرپەرشتی کرا.

توێژینەوەی دووەمی دانیشتنی دووەمی فیستیڤاڵ لەلایەن (پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ئەحمەد سەعید کەساس) بەناونیشانی سابری و ناوەڕۆکە شیعرییەکانی) پێشکەش کراو کۆڕەکەش لەلایەن (نهاد جامی)یەوە بەڕێوەچوو.
توێژینەوەی سێیەمیش لەلایەن (دکتۆر ئازاد ئەمین باخەوان) بەناونیشانی (زمانی شیعری و توانای زمانیی لای سابری) خوێندرایەوەو لەلایەن (رابەر ڕەشید)ەوە بەڕێوەچوو.

جێگای ئاماژەیە کە دوای خوێندنەوەی هەر توێژینەوەیەك ژمارەیەك لە ئامادەبووان بە جۆش و خرۆشەوە راو سەرنج و تێبینیی خۆیان لەسەر توێژینەوەکان دەخستەڕوو.

پیشانگای کتێبەکەش کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانیو بە هاوکاری لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سازدراوەو بەڕێژەی (50٪) لە سەدا پەنجا داشکان لە نرخی کتێبەکاندا هەبوو. هەر لە ڤیستیڤاڵەکەدا کتێبە دانسقەکەی دکتۆر کەماڵ مەزهەر ئەمحەمەدیش بۆ فرۆشتن خرابووە روو کە داهاتەکەی بۆ شەهیدانی رووداوە خوێناوییەکەی 28ی تەموزی 2008)ە.

سبەینێش ڕۆژی دووشەممە 2009/11/9 دووەم ڕۆژی فیستیڤاڵەکەو پێشانگای کتێبەکە لە هۆڵی نەورۆز بەردەوام دەبێتو تیایدا ژمارەیەك توێژینەوەی دیکە لەسەر ژیان و شیعرەکانی سابری پێشکەش دەکرێن.